حکوومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# ڕێبەری نووسین بۆ میدیا و سۆشیاڵ میدیا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان

شوباتی ٢٠٢١

# پێڕست

بابەت | لاپەڕە


پێشەکی...................................................................................................................٣

سەرچاوە و بنەما گرنگەکانی ئەم ڕێبەرە.................................................................٤

ئامانجی ئەم ڕێبەرە..................................................................................................٤

لەبارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە.............................................................٥

ناوی هەرێم..................................................................................................................٥

ناوی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.................................................................٥

هێماکانی هەرێم (سیمبولەکانی هەرێم) ..........................................................٧

ئاڵای کوردستان.........................................................................................................٨

ناوی سەرۆکوەزیران و وەزیرانی حکوومەت.........................................................٨

ریزبەندیی ئەندامانی کابینەی حکوومەت..........................................................١١

نموونەی نووسینی هەواڵ و چالاکییەکان بۆ ڕاگەیاندن.......................................... ١١

ناوی وەزارەتەکان.......................................................................................... ١٢

بەستەری بەسوود (لینك) ......................................................................................١٤

ڕۆژەکانی هەفتە.......................................................................................................١٤

مانگەکانی ساڵ....................................................................................................... ١٤

ناوی مانگەکانی زایینی ..........................................................................................١٥

ناوی مانگەکانی کوردی....................................................................................... ١٦

ناوی مانگەکانی کۆچی..........................................................................................١٦

کاتژمێر....................................................................................................................١٧

ڕێکەوت.................................................................................................................... ١٧

ژمارەی ڕۆژەکان، نووسینی ژمارەی ڕۆژ لە ڕێکەوتدا بە ژمارە یان نووسین.............. ١٩
نووسینی دراو لە نووسراوە فەرمی و ڕاگەیاندراوەکاندا........................................ ١٩
تەمەن................................................................................................................... ٢٠
پلەی گەرمی........................................................................................................ ٢٠
ژمارەی تەلەفۆن.... .............................................................................................. ٢٠
ناوونیشانی شوێن ................................................................................................ ٢١
لیست و خشتەکان................................................................................................. ٢١
وشە بیانییەکان...................................................................................................... ٢١
گواستنەوەی لێدوان............................................................................................... ٢٢
نیشانەی کەوانە..................................................................................................... ٢٢
کێشەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەم.................................................................... ٢٤
پیتی (ی) بۆ پەیوەندیی نێوان وشەکان.................................................................. ٢٤
کێشەی بەکارهێنانی (کار، فرمان) ....................................................................... ٢٥
هەڵەی دیکەی هاوشێوە......................................................................................... ٢٥
بەکارهێنانی پیتی (ڕ) لە سەرەتای وشەدا............................................................. ٢٧
ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان................................................................ ٢٨
نووسینی "و" لە کوردی دا بۆ پێکەوەبەستنی چەند ناو یان شوێن......................... ٢٩
حکوومەتی عێراق، حکوومەتی ناوەندی یان حکوومەتی فیدراڵ؟.............................. ٢٩
ناوی وڵاتان.......................................................................................................... ٢٩

## پێشەکی:

ئەم ڕێبەرە ئاماژە بە چۆنیەتیی نووسین و دارشتنی هەواڵ و بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانییەکانی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەدات، کە لە چوارچێوەی سیاسەتی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکخستن و چۆنیەتی دروست نووسین لە ڕاگەیێندراوەکانی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە.

نووسینی ڕاست و دروست لە ڕاگەیاندنی دام و دەزگەکانی حکومەت، گوزارشت لە سەرکەوتوویی کاروباری کارگێڕی و ڕاگەیاندنی دامەزراوەکان دەکات، کە لە ڕاستی دا پوختەیەکە لە کۆی ئەو کاروبارانەی کە ڕۆژانە بەڕێوەدەچن و بەرهەمەکەشیان لە هەواڵ و نووسراوەکانیاندا دەردەکەوێت.

ڕاگەیاندنی دامەزراوەکان، گوزارشت لە ئاستی تێگەیشتن و زانینی کاری میدیایی دامەزراوەکان دەکەن و پەیامی دەزگاکانیش بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ڕای گشتی بە ڕوونی دەخەنەڕوو.

ئەم ڕێبەرە پاش ئامادەکردنیی، درایە ئەکادیمیای کوردی و دوای بەهەند وەرگرتنی تێبینی و پێشنیارەکانی ئەکادیمیای کوردی و چاکردنی هەڵە و کەم و کوڕییەکان، بڵاوکراوەتەوە.

چاپی یەکەم ٢٠٢١

ئەم ڕێبەرە بە بەردەوامی نوێ دەکرێتەوە.

## سەرچاوە و بنەما گرنگەکانی ئەم ڕێبەرە

* یاسا، پەیڕەو، ڕێنمایی و پرۆژە کارپێکراوەکان.

* ڕێنماییەکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

* ڕێوشوێنی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆڵی پەیڕەوکراو.

* پێوەرەکانی پاراستنی سەلامەتیی زمانی کوردی.

* بڵاوکراوە و پێگە سەرەکییە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

* ڕێنمایی و پێشنیارەکانی ئەکادیمیای کوردی لەسەر ڕێبەرەکە.

## ئامانجەکانی ئەم ڕێبەرە

ئامانجی ئەم ڕێبەرە، چارەسەرکردنی ئەو هەڵە باوانەیە، کە ڕۆژانە لە بڵاوکراوەکاندا دەبینرێن. بەتایبەتی لە بواری ڕێنووس و ڕێزمان و چۆنیەتی نووسین و داڕشتنی نووسراوی فەرمی و ڕاگەیاندراوەکان لەلایەن دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەم ڕێبەرە چەندین ڕێنمایی لەبارەی شێوازی نووسین و هەڵبژاردنی باشترین بژاردە بۆ ناوی دەزگا و دامەزراوەکانی حکوومەت دەخاتەڕوو. ڕێنمایی لەبارەی وشە و دەستەواژەی دووبارە و وشەی وەرگیراو و سیمبول و ناوی جیاواز، بەشێکی دیکەی ئەم ڕێبەرە پێکدەهێنێت.

بەهۆی پێشقەچوون، داهێنان و گۆڕانکاریی بەردەوام لە شێوازی نووسین و میدیادا، ئەم ڕێبەرە پرۆژەیەکی چەسپاو و بێ گۆڕانکاری نییە و بەپێی ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن، پێشخستن و گۆڕانکاری تێدا دەکرێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی میدیا و زانیاری پێشوازی لە هەر پێشنیاز و تێبینییەك بۆ باشترکردنی دەکات.

## لەبارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

**ناوی هەرێم و حکوومەت بەم شێوەیە دەنووسرێت:**

هەرێمی کوردستان – عێراق

حکوومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

**ناوی هەرێم دەکرێت بەم شێوازەش بنووسرێت:**

کوردستانی عێراق

پایتەخت: هەولێر (بە کوردی)، اربيل (بە عەرەبی)، Erbil (بە ئینگلیزی) .

**ناوی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان**

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| هەولێر | اربيل | Erbil |
| سلێمانی | سليمانية | Slemani |
| دهۆك | دهوك | Duhok |
| هەڵەبجە | حلبجة | Halabja |
| ئیدارەی گەرمیان | إدارة كرميان | Garmian Administration |
| ئیدارەی راپەرین | إدارة رابرين | Raparin Administration |

به هیچ شێوەیەك نابێت ناوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە ڕێنووسێك بنووسرێت کە لە زمانی کوردی دا بەکارناهێنرێت. بۆ نموونە لە بەشی چەپی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا، ناوەکان بە هەڵە نووسراون و لە بەشی ڕاست دا، ڕاستییەکەیان خراونەتەڕوو.

| ڕاست | هەڵە |
| --- | --- |
| هەولێر | هولیر |
| دهۆك | دهوك |
| سلێمانی | سليمانيه |
| هەڵەبجە | حلبجه |
| ئیدارەی گەرمیان | گرميان |
| ئیدارەی راپەڕین | ئيداری راپەرين |

ناوچە کوردنشینەکانی هەر چوار پارێزگاکانی مووسڵ، کەرکووك، سەڵاحەددین و دیالە بە "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم" دەنووسرێن.

## هێماکانی هەرێم (سیمبولەکانی هەرێم)

**دروشم و سیمبولی فەرمیی هەرێمی کوردستان:**

لۆگۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، شکڵی (شێوە) ئەو (باز)ەیە کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دیزاین کراوە و ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە ژێرەوە نووسراوە.[١]

قەبارەی لۆگۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر لاپەڕە و تابلۆ و شوێنەوەکانی دیکە کە قەبارەیان جیاوازە دیاری کراوە و بە هیچ شێوەیەك نابێت هیچ دامەزراوەیەك بە هەر بیانوویەک بێت، دەستکاریی قەبارەکەی بکات.[٢]

وەزارەت، دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەوە، لە بەشی خوارەوەی پێناسەی لۆگۆدا دەتوانن ناوی خۆیان بنووسن. بۆ نموونە، لەم لۆگۆیەدا ناوی فەرمانگەی میدیا و زانیاری نووسراوە:

---

١و٢: بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بکە کە لە ماڵپەڕی فەرمی حکوومەت دەست دەکەوێت.

**https://gov.krd/information-and-services/krg-guideline/**

## ئاڵای کوردستان[٣]

لەکاتی بڵاوکردنەوەی وێنەی ئاڵای کوردستان دا، پێویستە ڕەنگی سوور لە سەرەوە بێت، سەوز لە خوارەوە، خۆریش بەشێوەیەکی لاکێشەیی لە ناوەڕاستی هەردوو ڕەنگی سوور و سەوزدا، لە ناوەڕاستی ئاڵا لەسەر باکگراوندێکی سپی بێت. شێوازی بەکارهێنانی ئاڵای کوردستان لە "ڕێبەری ئاڵای کوردستان"دا ڕوون کراوەتەوە و بە هیچ شێوەیەك نابێت دەستکاریی دیزاینەکەی بکرێت کە ببێتە هۆی درێژتر یان پانتر بوونی  قەبارە دیاریکراوەکەی.

## ناوی سەرۆک وەزیران و وەزیرانی حکوومەت

بۆ نووسینی ناوی وەزیرانی حکوومەت، پێویستە ناوی تەواویان بە شێوازی ناوی سێیانی بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت و هەر ناوێکیش کە سەرچاوەکەی زمانێکی دیکە بێت، بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێت.

زۆر ئاساییە ئەو کەسانەی لەجیاتی ناوی سێیانی، ناو و ناسناو بەکاردەهێنن و بەم شێوازە ناسراون، ناسناوەکانیان لەجیاتی ناوی دووەم و سێیەم بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە ناوی سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا.

بەکارهێنانی ناسناو بۆ کەسەکان و ناسینیان، بەشێکە لە کولتووری کوردەواری. کورد پێش ئەوەی شێوازی عەرەبی (ناوی سیانی) بۆ ناساندنی خۆی بەکاربهێنێت، ناسناوی هەبووە، هەر وەك چۆن ئێستا لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بەکاردێت.

---

٣. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ڕێبەری ئاڵای کوردستان بکە.

**https://gov.krd/information-and-services/krg-guideline/**

ناوی سەرۆک وەزیران، جێگری سەرۆک وەزیران ، وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت و بەرپرسی فەرمانگە و دەستە و دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەت بەم شێوازە دەنووسرێن:

١. مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،(سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٢. قوباد جەلال حیسامەدین تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، (جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان).

٣. فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا، وەزیری داد

٤. شۆڕش ئیسماعیل عەبدوڵا، وەزیری کاروباری پێشمەرگە

٥. ڕێبەر ئەحمەد خالید، وەزیری ناوخۆ

٦. ئاوات جەناب نووری ساڵح، وەزیری دارایی و ئابووری

٧. د.کەمال عەبدولحەمید عەبدولڕەحمان ئەتروشی، وەزیری سامانە سروشتییەکان

٨. د.سامان حوسێن محەمەد بەرزنجی، وەزیری تەندروستی

٩. ئالان حەمەسەعید ساڵح، وەزیری پەروەردە

١٠. دانا عەبدولکەریم حەمەساڵح، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

١١. ساسان عوسمان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار

١٢. د. ئارام محەمەد قادر، وەزیری خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستی

١٣. د.دارا ڕەشید مەحموود، وەزیری پلاندانان

١٤. کوێستان محەمەد عەبدوڵا، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

١٥. محەمەد سەعید عەلی، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان

١٦. عەبدوڵا مەحموود محەمەد، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان

١٧. بێگەرد دڵشاد شوکورڵا (تاڵەبانی)، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

١٨. کەمال موسلیم سەعید، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی

١٩. ئانو جەوهەر عەبدوکا، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن

٢٠. د.پشتیوان سادق عەبدوڵا، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی

٢١. کەمال محەمەد ساڵح خەلیل، وەزیری کارەبا

٢٢. خالد سەلام سەعید (شوانی)، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ

٢٣. ئایدن مەعرووف سەلیم، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان

٢٤. د.ڤاڵا فەرید ئیبراهیم، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان

٢٥. د.ئومێد سەباح عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

٢٦. سەفین موحسین محەمەدئەمین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

٢٧. د.عبدولحەکیم خەسرۆ جوزاڵ، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون

٢٨. د.جوتیار عادل مەحموود، گوتەبێژی حکوومەت و بەرپرسی فەرمانگەی میدیا و زانیاری

٢٩. هیوا فەرزندە ئەفەندی، بەرپرسی فەرمانگەی تەکنۆلۆژیای زانیاری

٣٠. ئەکرەم محەمەد جەمۆ، سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکوومییەکان

٣١. عەبدورەحمان سدیق کەریم، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

٣٢. د.محەمەدشوکری محەمەدسەعید مەلابیر، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان

٣٣. د.عبدولحەکیم خەسرۆ جوزاڵ، سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت.

٣٤. جەبار مستەفا رەسووڵ، سەرۆکی دەزگای گشتیی کاروباری مین

٣٥. د.خانزاد ئەحمەد عەبد، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان

٣٦. د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

**ڕیزبەندیی ئەندامانی کابینەی حکوومەت:**

ڕیزبەندیی ئەندامانی کابینەی حکوومەت لە سەرۆك وەزیران و جێگرەکەیەوە دەست پێدەکات و دواتر وەزیرانی دیکە بەپێی ڕیزبەندیی وەزارەتەکان دێن، وەک ئەوەی لەسەرەوە ناویان هێنراوە.

لە ڕاگەیاندراوەکاندا پێویست ناکات وشەی"بەڕێز" بنووسرێت، بەڵکوو پێویستە زمانی رۆژنامەوانی بەکاربهێنرێت کە خۆی لە هەر جۆرە پێشگر و پاشگرێك بۆ ناوەکان دەپارێزێت. هەروەها لەکاتی دووبارەبوونەوەی ناوەکان لە ڕاگەیاندراوەکان دا، پێویست ناکات ناوی سیانی بە تەواوەتی وەك خۆیان دووبارە بکرێنەوە، بەڵکو پشت بە بنەمای کاری ڕۆژنامەگەری دەبەستێت.

## نووسینی هەواڵ و چالاکی بۆ راگەیاندن

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیران پێداگیری لەسەر گرنگی و پێویستیی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کردەوە.

سەرۆکوەزیران، ڕۆژی شەممە ٢٠٢١/٢/٦ لە کۆبوونەوەیەك دا لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەمانی ڕایگەیاند: یاسای چاکسازی، دادی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی داهاتی ئەم وڵاتەدا دەستەبەر دەکات.

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی دەستەی گەشتوگوزاری کرد.

جێگری سەرۆکوەزیران، لە کۆبوونەوەکەدا تیشکی خستە سەر بایەخی ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی گشتیی وڵات و پەرەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان.

پێویستە لە پاراگرافی یەکەمی هەواڵەکان دا، ناوی بکەر و پۆستەکەی بە تەواوەتی بنووسرێن و دەشتوانرێت نیشانەی کۆما (،) لە نێوانیاندا دابنرێت، بەڵام لە مانشێتی هەواڵەکەدا پێویست ناکات بنووسرێت.

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە کۆنسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد.

**یان**

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نادیە موراد دەکات.

نموونە راستەکانی ئەوانەی خوارەوەن، لە کۆتایی ڕستەکەشەدا پێویستی بە دانانی خاڵی کۆتایی (.) نییە.

قوباد تاڵەبانی، پێشوازیی لە کۆنسولی گشتیی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد

جێگری سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد

سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە نادیە موراد دەکات

مەسرور بارزانی پێشوازی لە نادیە موراد دەکات

**تێبینی**

١. بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی یان هەر زمانێکی دیکە، باشتر وایە لە مانشێت دا ناوی کەسەکە و پۆستە فەرمییەکەی بە تەواوەتی بنووسرێت، چونکە پەیامەکەی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستانە.

٢. لە مانشێتی هەواڵ دا، باشتر وایە لەبری پشتبەستن بە وشەی "پێشوازی"، کورتەیەك لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەربهێنرێت کە بەهای هەواڵی هەبێت و سەرنجراکێش بێت.

**ناوی وەزارەتەکان**

لەکاتی نووسینی ناوی وەزارەت و شوێن و دامەزراوەکانی حکوومەت، پێویستە ناوی فەرمییان بە تەواوەتی بنووسرێت، بۆ نموونە:

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

نەک "وەزارەتی کار" بە تەنیا، یان "کاروباری کۆمەڵایەتی" بە تەنیا بنووسرێت.

ئەو وەزارەتانەی، بە دوو یان سێ ناو پێناسە کراون، پێویستە لە ڕاگەیاندراوەکاندا، ناوەکانیان بە تەواوەتی بنووسرێن. بۆ نموونە:

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، نەک وەزارەتی شارەوانی.

دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، نەک دەستەی گەشتوگوزار.

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، نەک پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ئەم بوارە بۆ بەکارهێنانی ناوی بەڕێوەبەرانیش لەبەرچاو دەگیرێت و بەڕێوەبەری گشتیی، بێ کەم و زیادکردن وەك خۆی دەنووسرێت، نەوەك تەنیا بە بەڕێوەبەر.

لەکاتی دووبارەبوونەوەی ناوی دامەزراوەکە زیاتر لە جارێك لە ڕاگەیاندراودا، دەکرێت لەکاتی دووبارەبوونەوەیاندا ناوی یەکەمی دامەزراوەکە بنووسرێت، بۆ نموونە:

وەزارەتی ناوخۆ، دەستگیرکردنی باندێکی دزیی ڕاگەیاند.

وەزارەت پێداگیری لەسەر پێویستیی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کردەوە .

**بەستەری بەسوود (لینک)**

لەم بەشەدا ئاماژە بەو بەستەرە بەسوودانە دەکرێت ئەگەر پێویست بوون، بە تایتڵی (بەستەری پەیوەندیدار) ناوونیشانیان بۆ دادەنرێت. پێویستە ناوونیشانی بەستەرەکە بە وردی و بەشێوەیەکی ڕوون بنووسرێت، کە ئایا "PDF-PPTX-DOCX"ە.

هاوکات قەبارەکەشی ئایا بە مێگابایتە یان کیلۆبایت. لە ماڵپەڕی حکوومەت دا، بەستەرەکە دەتوانرێت لە شوێنی باسکراودا دابنرێت کە بە کلیکێك دەکرێتەوە، یان دەتوانرێت لە خوارەوەی نووسراوەکە دابنرێت و بە کلیکێك بکرێتەوە. لە هەردوو حاڵەت دا، بۆ کردنەوەی لینکەکە، باشتر وایە لاپەڕەیەکی دیکە بکرێتەوە، نەوەك هەر لە شوێنی لاپەڕەی سەرەکی پیشان بدرێت.

**ژمارە**

ژمارە لە خوێندنی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان دا، بەو شێوازە دەنووسرێت کە بە ژمارەی عەرەبی یان هیندی، یان ئارامی ناسراوە (٠١٢٣٤٥)، بۆیە پێویستە لە ڕاگەیاندنی کوردیش دا، بەهەمان شێواز بنوسرێن و نابێت بە لاتینی یان مۆدێرن بنوسرێن.

**ڕۆژەکانی هەفتە**

لە ڕۆژژمێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دا، ڕۆژانی هەفتە لە ڕۆژی یەکشەممەوە دەست پێدەکات و ڕۆژانی هەینی و شەممەش پشووە. ڕۆژانی هەفتە بە هیچ شێوەیەك نابێت بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێن:

یەك شەممە، ٢ شەممە

ڕۆژەکانی هەفتە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەریەکەوە و بە شێوازی پیت دەنووسرێن:

شەممە

یەکشەممە یان یەکشەم

دووشەممە یان دووشەم

سێشەممە یان سێشەم

چوارشەممە یان چوارشەم

پێنجشەممە یان پێنجشەم

هەینی

## مانگەکانی ساڵ:

ڕۆژژمێری زایینی لە یەکی مانگی کانوونی دووەمەوە دەستپێدەکات و لە ٣١ی مانگی کانوونی یەکەم دا کۆتایی پێدێت. ڕۆژژمێری کوردی لە ڕۆژی نەورۆزەوە دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی ڕەشەمێ دا کۆتایی پێدێت. هەروەها بۆ بۆنە ئیسلامییەکانیش ڕۆژژمێری ساڵی کۆچی (هجری) بەکاردێت کە مانگی"محرم تا ذي الحجة" دەگرێتەوە.

## ناوی مانگەکان ساڵی زایینی:

| به کوردی | به ئینگلیزی |
|---|---|
| کانوونی دووەم | January |
| شوبات | February |
| ئادار | March |
| نیسان | April |
| ئایار | May |
| حوزەیران | June |
| تەمووز | July |
| ئاب | August |
| ئەیلوول | September |
| تشرینی یەکەم | October |
| تشرینی دووەم | November |
| کانوونی یەکەم | December |

**ناوی مانگەکانی ساڵی کوردی**

یەکەم مانگی کوردی، لە ڕۆژی یەکەمی نەورۆزەوە دەستپێدەکات. بۆ زانینی مانگەکان، باشتر وایە لەگەڵ وەرزەکانیان فێرببین، چونکە سێ مانگی تەواو لە هەر وەرزێکی ساڵی کوردی دا هەیە:

| وەرز | مانگ | | |
|---|---|---|---|
| بەهار | خاکەلێوە (نەورۆز) | گوڵان (بانەمەڕ) | جۆزەردان |
| هاوین | پووشپەڕ | خەرمانان | گەلاوێژ |
| پاییز | ڕەزبەر | خەزەڵوەر(گەڵاڕێزان) | سەرماوەز |
| زستان | بەفرانبار | ڕێبەندان | ڕەشەمێ (ڕەشەمە) |

شوێنی هەردوو مانگی خەرمانان و گەلاوێژ، لە گەرمیان و کوێستان دەگۆڕێت. لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای گەرمیان دانراوە، کە مانگی خەرمانان پێش گەلاوێژ دێت.

**ناوی مانگەکانی ساڵی کۆچی:**

| بە کوردی | بە عەرەبی |
|---|---|
| موحەڕەم | مُحرَّم |
| سەفەر | صفَر |
| ڕەبیعی یەکەم | ربيع الأول |
| ڕەبیعی دووەم | ربيع الآخر |
| جومادای یەکەم | جمادي الأولى |
| جومادای ئاخیرە | جمادي الآخرة |
| ڕەجەب | رَجب |
| شەعبان | شَعبان |
| ڕەمەزان | رَمضان |
| شەووال | شوّال |
| زولقەعیدە | ذو القِعدة |
| زولحیجە | ذو الحِجّة |

**کاتژمێر:**

پێویستە سیستەمی ١٢ کاتژمێری لە ڕاگەیاندراوەکان دا بەکاربێت، نەوەك ٢٤ کاتژمێری، بۆ نموونە:

دەوامی فەرمی لە کاتژمێر ٨ی بەیانی دەست پێدەکات و لە کاتژمێر ٣ی دوای نیوەڕۆ تەواودەبێت.

باشتر وایە کاتژمێر بە شێوازی ١٢:٠٠بنووسرێت، نەوەك ١٢.

ئاساییە ئەگەر کات یان ژمارە ( لە ژمارە ١-٩) بە وشە بنووسرێت، بۆ نموونە:

سەرۆکوەزیران، لە کاتژمێر هەشتی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، بەشداریی پرۆسەی دەنگدانی کرد.

جێگری سەرۆکوەزیران، لە کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، پڕۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی کۆرۆنای بەسەرکردەوە.

**تێبینی:** لەکاتی نووسینی کاتژمێردا، بەهیچ شێوەیەك بە وشەی بەیانی یان ئێوارە یان دوای نیوەڕۆ کورت ناکرێنەوە و ئەمانە: "ب، ئ، د. ن" بەکار ناهێنرێن.

**ڕێکەوت:**

ڕێکەوتی زایینی، کوردی یان کۆچی، بە شێوەی نووسین بەم شێوازە دەنووسرێن: ڕۆژ، مانگ، ساڵ

بۆ نموونە :

١١ی ئاداری ٢٠١٧

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٠

١٢ی موحەڕەمی ١٤٤٢

**تێبینی:**

ساڵ کورت ناکرێتەوە و مانگەکان بە ژمارە ئاماژەیان پێ ناکرێت و بەم دوو شێوازە دەنووسرێت.

**نموونەی هەڵە:** ڕۆژی 10 مانگی شەشی 2020

**نموونەی ڕاست:** 2020/6/10 ، یان 6 تشرینی یەکەمی 2020

لەكاتی نووسینی هەواڵ و ڕاگەیاندراو، پێویستە ناوی ڕۆژ و مانگەكە وەك خۆیان بنووسرێن.

**بۆ نموونە:** سەرۆكوەزیران، ڕۆژی یەكشەممە ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، پرۆژەی بازنەی ١٥٠ مەتریی هەولێری بەسەركردەوە.

نەوەك بنووسرێت: سەرۆك وەزیران ڕۆژی یەكشەممە ٢٠٢٠/٩/٦ پرۆژەی ١٥٠ مەتریی هەولێری بەسەر كردەوە. ئەم شێوازە ٢٠٢٠/٩/٦ زیاتر بەمەبەستی كورتكردنەوە بەكاردێت.

**تێبینی:** لەنێوان هەر وشە و ژمارەیەكدا مەودایەك (space) هەیە و ناكرێت ژمارە بە وشەكانەوە بلكێندرێت، یان شوێنی ڕۆژ، مانگ و ساڵ بگۆڕدرێت. بۆ نموونە، ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ڕاست | هەڵە |
|---|---|
| ٣٠ی كانونی یەكەمی ٢٠٢٠ | ٣٠ی كانونی یەكەمی٢٠٢٠ |
| ٩ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٠ | ٩ی كانوونی دووەمی٢٠٢٠ |
| ٢٠٢٠/١٢/١١ | ١١/١٢/٢٠٢٠ |
| ١٢ی شوباتی ٢٠٢٠ | ١٢ی شوباتی٢٠٢٠ |

هەروەها لە زمانی كوردی دا بە پێچەوانەی زمانی عەرەبییەوە، پێویست ناكات ناوی مانگ بە دوو شێواز بنووسرێت. وەك ئەم خشتەیە:

| ڕاست | هەڵە |
|---|---|
| ١١ی كانوونی یەكەمی ٢٠٢٠ | ١١ی دیسەمبەر/ كانونی یەكەمی ٢٠٢٠ |

## نووسینی ژمارەی ڕۆژ لە ڕێکەوت دا بە ژمارە یان نووسین؟

کاتێك دەنووسین: سەرۆکوەزیران، ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، پڕۆژەی ١٥٠ مەتری هەولێری بەسەرکردەوە. دەتوانین ڕێکەوتەکە بە (شەشی ئەیلوولی ٢٠٢٠)یش بنووسین. بەڵام ئەم حاڵەتە تەنیا لە ژمارە (١-٩)دا بە کاردەهێنرێت، لە ژمارە ١٠ بۆ سەرەوە پێویستە بە ژمارە بنووسرێت.

**نووسینی دراو لە ڕاگەیاندراوەکان دا:**

کاتێك باس لە دینار دەکرێت، پێویست ناکات بنووسرێت: دیناری عێراقی، بۆ نموونە:

| ڕاستە | هەڵەیە |
|---|---|
| ١٥,٠٠٠ دینار | ١٥,٠٠٠ دیناری عێراقی |
| ١٥٠٠٠دینار | ١٥٠٠٠ دیناری عێراقی |
| ١٥ هەزار دینار | ١٥ هەزار دیناری عێراقی |

بەڵام ئەگەر باسی دراوی وڵاتێکی بیانی بکرێت، پێویستە ناوی وڵاتەکە لەگەڵ دراوەکەی بنووسرێت.

بۆ نموونە: ١٠ هەزار لیرەی تورکی.

بۆ باشتر خوێندنەوەی ژمارە و ئاسانکاری بۆ خوێنەران لە ڕاگەیاندراوەکان دا، پێویستە ژمارەکان بە شێوازی دەیان، سەدان و هەزاران بە کۆمای ڕوو لەخوارەوە ١٥,٠٠٠ لە یەکتر جیابکرێنەوە .

## جیاوازیی نێوان خاڵ (.) و کۆما (,) لەکاتی نووسینی ژمارەدا:

کۆما بۆ لێکجیاکردنەوەی دەیان، سەدان و هەزاران بەکاردێت، کە ئاسانکاری بۆ خوێندنەوەی ژمارەکان مسۆگەر دەکات، بەڵام دەبێت کۆمای ژمارە لە کۆمای نووسین جیا بکەینەوە.

٥٦٧,٦٤٣,٠٠٧,٨٣٩ ئاسانتر لە ٥٦٧٦٤٣٠٠٧٨٣٩ دەخوێندرێتەوە.

**نووسینی ڕێژە بە نووسین**

باشتر وایە نووسینی ڕێژە بە ژمارە بێت، نەك بە نووسین. چونکە بەم شێوازە لە نووسراوەکەدا بەرجەستە دەبێت و بۆ خوێندنەوەش ئاسانترە، بۆ نموونە:

%١٧

%١٧,٥

بەڵام دەتوانرێت بە شێوازی نووسینیش بنووسرێت: بۆ نموونە: لەسەدا حەڤدە، بەڵام نووسینی حەڤدە لەسەد هەڵەیە.کاتێک ژمارەی ڕێژە بە ژمارە دەنووسین، باشتر وایە هیچ مەودایەك (سپەیس) لە نێوانیان نەبێت.

**تەمەن:**

دەکرێت تەمەن بە ژمارە یان نووسین بنووسرێت. بۆ نموونە: تەمەنی 20 ساڵە یان بە نووسین تەمەنی بیست ساڵە.

**پلەی گەرمی:**

دەستەواژەی پلەی سەدی بۆ دیاریکردنی پلەی گەرما بەکاردێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان سیستەمی سیلیزی (Celsius) بۆ پێوانەی پلەی گەرما بەکاردێت، کە هێماکەی بەم شێوەیە: (C°)

**ژمارە تەلەفۆن**

ژمارەی تەلەفۆن بەم شێوازە دەنووسرێت:

٠٠٩٦٤٦٦٠٠٠٠٠٠٠ بۆ نۆرماڵ

٠٠٩٦٤٧٥٠٠٠٠٠٠٠٠ بۆ مۆبایل

### ناوونیشانی شوێن

ناوونیشانی شوێن لە نووسراوە فەرمییەکان دا بەم شێوەیە دەنووسرێن: سندووقی پۆستە، شەقام، شوێن (شار، قەزا، ناحیە و گەڕەك)، پارێزگا و وڵات.

**یان:**

ژمارەی باڵەخانە، ناوی باڵەخانە، شەقام، شوێن (شار، قەزا، ناحیە و گەڕەك)، پارێزگا و وڵات.

### لیست و خشتە

لیست یان خشتە، بۆ ئاماژەپێدان بە چەمك، دەستەواژە، ناو، ڕیزبەندیی ناو و خستنەڕووی ئامار، داتا و بابەتە هاوشێوەکانیان بەکاردێت، لە کۆتاییی نووسینەکەشدا خاڵ (.) دانانرێت.

**تێبینی:** پێویستە بەپێی ناوەڕۆك ڕەچاوی بەکارهێنانی باشترین بژاردە بۆ ئامادەکردنی لیست بکرێت (خاڵبەندی بێت، یان ژمارەیی).

### نووسینی وشە بیانییەکان بە ڕێنووسێکی دروستی کوردی

پێویستە وشە بیانییەکان بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێن. لەم خشتەیەدا، چەند نموونەیەك خراونەتەڕوو:

| راست | هەڵە |
|---|---|
| میوزیک | موسیقا |
| گووگڵ | کوکل |
| ئینستاگرام | ئنستگرام |

**جووت کەوانەی بچووك ""**

جووت کەوانەی بچووك لەم دۆخانەدا بەکاردێت:

لەکاتی گواستنەوەی دەقاودەقی لێدوانی بەرپرسانی حکوومەت لە ڕاگەیاندن دا، پێویستە لێدوانەکەیان بەم شێوەیە لەناو نیشانەی گواستنەوەدا "کۆتیشەین" دابنرێت و پێش دەقی لێدوانەوەکەشی ئەم نیشانەیەی (:) بۆ دابنرێت. بۆ نموونە:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: "ئێمە لە بەرەی خەڵک دا دەمێنینەوە".

نیشانەی گواستنەوە، واتە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی لێدوان بەبێ کەم و زیادکردنی. لە ڕاستی دا ئەم نیشانەیە لە زمانی کوردی دا پێویستە بەم شێوەیە « » بێت کە سەرەتا و کۆتاییيەکەی دیاری کراون، بەڵام بەهۆی کێشەی کیبۆرد و زاڵبوونی نیشانەی ئینگلیزی " "ەوە، ئەم نیشانەیە بە فراوانی بەکاردەهێنرێت. لە کیبۆردی عەرەبی Cfkurdدا بە کلیکی هاوکات لەسەر شیفت + K نیشانەی گواستنەوە دادەنرێت. لە کیبۆردی Central Kurdish Keyboadدا کە لە ویندۆز 10دا هەیە، بە کلیککردنی هاوکات لەسەر شیفت + '، یان دووجار کلیککردن لەسەر ('') بەکاردێت. بەڵام لە حاڵەتی گواستنەوەی لێدوان بە شێوازی ناڕاستەوخۆ، پێویستی بە دانانی نیشانەی گواستنەوە نییە و تەنیا بە دانانی ئەم نیشانەیە (:) بەر لە لێدوانەکەی دەنووسرێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: حکوومەتەکەی لە بەرەی خەڵك دا دەبێت.

بوونی جیاوازی لە نێوان کیبۆردی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی دا نابێت ببێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی نووسینی ڕاگەیێندراو هەڵە تەکنیکییەکانی دووبارە بکرێنەوە.

دیاریکردن و بەرجەستەکردنی وشە یان بەشێکی ناوەڕۆك و گرنگی پێدان بە وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك، دەخرێتە نێوان ئەم هێمایەوە. بۆ نموونە:

فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەژێر دروشمی "یەکخستنی زمانی نووسراوە فەرمییەکان"دا لەگەڵ ڕاگەیاندنی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەت کۆبووەوە. بۆ ئاماژەپێدان بە زاراوە زانستی و تەکنیکییەکان و وشە و گوزارشتە نەناسراوەکان و ناوونیشانی گوتار یان بەش و پشکی کتێبەکان و گوتارەکان بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە:

- بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر پێویستە شارەزای "مایکرۆسۆفت" بین.

- بۆ باشتر نووسینی ڕاگەیێندراوەکانی حکوومەت پێویستە "ڕێبەری نووسین بۆ دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان" بخوێنینەوە.

- فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی "OTT-OPEN THINK THANK" خولی ڕاهێنان بۆ گوتەبێژانی وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی دەکاتەوە.

## نیشانەی جووت کەوانەی گەورە ( )

جووت کەوانەی گەورە بە چەند مەبەستێك بەکاردێت:

لەکاتی ڕوونکردنەوەی پێش خۆی و شرۆڤەی زیاتر، واتە ئەگەر ئەوەی ناو کەوانەکەش نەخوێنیتەوە، ماناکە تێك نەدا، نموونە:

- بێگەرد دڵشاد شوکورڵا (تاڵەبانی)، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

- ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەتەواوی لە خاکی هەرێمی کوردستان دوورخرایەوە.

- ئەنجومەنی وەزیران بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی خەرجیی بەگەڕخستن (تشغیلی) دەدات.

## سێ خاڵی کۆتایی "..."

سێ خاڵی کۆتایی لەم دۆخانەدا بەکاردێت:

لەکاتی هێنانەوەی نموونە، کاتێك خۆی زیاترە و تۆ بەوەندە کۆتایی پێ دێنیت، سێ خاڵ لە تەنیشت یەك دادەنێیت، یان دوو خاڵ و دەنووسیت "..هتد."

زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت لەکاتی کەرەنتینەیش دا ڕانەوەستان: کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، کۆکردنەوەی خاشاك...

## کێشەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەم لە زمانی کوردی دا

هەندێك جار جێناوی کەسی سێیەم "ی" لەکاتی داڕشتنی هەواڵ دا (لە کاتی رابردوودا) پەراوێز دەخرێت و مافی خۆی پێنادرێت. بۆ نموونە:

"سەرۆکوەزیران **پێشوازی** لە وەزیری دەرەوەی رووسیا کرد."

ئەم نموونەیە هەڵەیە، دەبێت بنووسرێت: "سەرۆکوەزیران **پێشوازیی** لە وەزیری دەرەوەی رووسیا کرد."

جێناوی لکاوی کەسی سێیەم "ی" لەم ڕستەیەدا بە وشەی "پێشوازی"یەوە دەلکێت و نابێت بەهۆی ئەوەی کە وشەی "پێشوازی" بە پیتی "ی" کۆتایی پێدێت، جێناوەکەی نەنووسرێت.

هەر وەك چۆن دەنووسرێت:

من پێشوازیم لە........ کرد.

تۆ پێشوازیت لە ....... کرد.

ئێمە پێشوازیمان لە.... کرد.

## پیتی "ی" بۆ بەستنی پەیوەندیی نێوان وشەکان

پیتی "ی" بۆ بەستنی پەیوەندیی نێوان وشەکان بەکاردێت:

ئەو وشانەی کە خۆیان بە پیتی "ی" کۆتاییان پێهاتووە، نابێت لە کاتی پەیوەستکردنیان بە وشەیەکی دیکە، فەرامۆش بکرێن. وەك ئەم نموونەی خوارەوە کە هەڵەیە:

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

دەبێت بنووسرێت: وەزارەتی بازرگانیی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئەو وشانەشی کە بە دوو (ی) کۆتاییان پێدێت، ناتوانرێت چاوپۆشی لە "ی" پەیوەندی بکرێت، بەڵام دەتوانرێت بە دوو (ی) بنووسرێت.

کەرتی دارایی هەرێم بەهێزە.

## کێشەی بەکارهێنانی "کار، فەرمان" لە زمانی کوردی دا

لە زمانی کوردی دا، "کار" لە ڕستەی تەواودا، بە زۆری دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە، بۆ نموونە:

جێگری سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە شاندێکی ئەڵمانی دەکات.

**یان**

جێگری سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە شاندێکی ئەڵمانی کرد.

بە هیچ شێوەیەك ناکرێت هەردوو وشەی (پێشوازی) و (کرد) پێکەوە بنووسرێن.

بۆ نموونە:

| ڕاست | هەڵە |
|---|---|
| سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دەکات. | سەرۆکوەزیران پێشوازیدەکات لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا. |
| سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کرد. | سەرۆکوەزیران پێشوازیکرد لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا. |

ئەم هەڵەیە، بەهۆی وەرگرتنی دەقاودەق لە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزییەوە دروستبووە. چونکە ئەوان دەنووسن: رئيس الوزراء يستقبل وزير الخارجية الالماني

Prime Minister receives German Foreign Minister

**هەڵەی دیکەی هاوشێوە:**

| ڕاست | هەڵە |
|---|---|
| سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە شاندێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد. | سەرۆک وەزیران پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکایی کرد. |
| جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتیی یەکەم کۆبوونەوەی قۆناغی دووەمی لیژنەی باڵای بایۆمەتریی کرد. | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی یەکەم کۆبوونەوەی قۆناغی دووەمی لیژنەی باڵای بایۆمەتریی کرد. |

**ئەم نموونەیە هەڵەیە:**

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی کردەوە لە پابەندبوونی فەرمانبەران بە کاتی دیاریکراوی دەوام.

ئەم ڕستەیە گوزارشت لە ڕێزمانی کوردی ناکات. دەقاودەقی لە تێگەیشتنی زمانی عەرەبی وەرگیراوە: اكد المتحدث الرسمى للحكومة على التزام الموظفين بالدوام الرسمي.

**دەبێت بنووسرێت:**

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی لەسەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە کاتی دیاریکراوی دەوام کردەوە.

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە کاتی دیاریکراوی دەوام کردەوە.

جوتیار عادل، گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێداگیریی لەسەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە کاتی دیاریکراوی دەوام کردەوە.

**ئەم نموونەیەی خوارەوە هەڵەیە:**

لە کاتی دەوامیش دا، پابەندبن بە گشت ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

**ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە ڕاستن:**

- لە کاتی دەوامیش دا، بە گشت ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا پابەند بن.
- لەکاتی دەوامیش دا، پابەندی گشت ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بن.

**ئەم نموونەیە هەڵەیە:**

بۆ ئەو مەبەستە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپێردران، بەم ئەرکە هەستن.

**دەبێت بنووسرێت:**

بۆ ئەم مەبەستە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە راسپێردران.

**ئەم نموونەیە هەڵەیە:**

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری دا دەست بکرێت بە تۆمارکردنی ئەو مووچەخۆرە شایستانەی خۆیان تۆمار نەکردووە لە سیستەمی بایۆمەتریی دا بەڕەچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان.

**دەبێت بنووسرێت:**

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری دا بە ڕەچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان، دەست بە تۆمارکردنی ئەو مووچەخۆرە شایستانە بکرێت، کە تا ئێستا لە سیستەمی بایۆمەتری دا تۆمارنەکراون.

**ئەم نموونەیە هەڵەیە:**

هەر لە کۆبوونەوەکەدا، بڕیاردرا، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاسانکاری بکات لە پرسی تۆمارکردن و دیاریکردنی فەرمانبەرانی تۆمارکردن، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو مووچەخۆرانە تۆمار بکرێن کە یاسایین و تۆمارنەکراون و بڕیار لە تۆمارکردنیان دەدرێت.

**دەبێت بنووسرێت:**

هەر لە کۆبوونەوەکەدا، بڕیار درا وەزارەتی دارایی و ئابووریی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی تۆمارکردن بکات و فەرمانبەرانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە تەرخان بکات، بۆ ئەوەی تەنیا ئەو مووچەخۆرانە تۆماربکرێن کە یاسایین و تا ئێستا تۆمارنەکراون و بڕیار لەسەر تۆمارکردنیان دەدرێت.

**کێشەی پیتی "ڕ" لەسەرەتای وشەدا:**

پیتی "ڕ" لە سەرەتای وشەدا، هەر بۆ خۆی بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە، لە کاتی نووسینی دا، دەتوانرێت بە هەردوو شێواز بنووسرێت، بەڵام باشتر وایە بە قەڵەوی بنووسرێت.

## چۆنییەتیی نووسینی ناوی ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان

پێویستە ناوی ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە کوردییەکی پاراو بنووسرێن و خۆمان لە وەرگێڕانی دەقاودەقیان بپارێزین:

**ئەم نموونەیە هەڵەیە:** سندووقی دراوی نێودەوڵەتی

**دەبێت بنووسرێت:** سندووقی نێودەوڵەتیی دراو

صندوق النقد الدولي International Monetary Fund

نابێت لە کوردییەکەی دا، لە ژێر کاریگەری ئەم دوو زمانەی سەرەوەدا بنووسرێت: "سندووقی دراوی نێودەوڵەتی". چونکە سندووقەکە نێودەوڵەتییە، نەوەك دراوەکە. هاوشێوەکانی ئەم بوارە زۆرن و پێویستە لە کاتی نووسینیاندا، بە کوردییەکی پاراو بنووسرێن. بە داخەوە زۆر جار وشەی گەشەپێدان بە هەڵە لەجیاتی پەرەپێدان بەکاردەهێنرێت.

گەشەپێدان: تنمية گەشەکردن: النمو پەرەپێدان: تطوير

تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە هەرێمی کوردستان دا پاشگری گەشەپێدانیان هەیە، مەبەستیان "التنمية"یە کە بە کوردی دەکاتە پەرەپێدان. پەرەپێدان مانا و بوارێکی فراوانتری لە گەشەپێدان هەیە، بۆ نموونە:

ئابووریی وڵات ١٠% گەشەی کردووە، واتە ڕێژەی گەشە یان باشتر بڵێین بەرزبوونەوەی کۆی داهاتی گشتی (GDP) لە ماوەی ساڵێك دا ١٠% بووە و لایەنی چەندایەتی (quantity) لەخۆدەگرێت، کە لە ئابووری دا ئاراستەیەکی ستوونی هەیە. هەر وەك چۆن دار و گوڵ بەرەو سەرەوە گەشە دەکەن. بەڵام پەرەپێدان، لە گەشەپێدانێك پێکهاتووە کە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکاریی بنەمایی لەسەر ئاستی چەندایەتی و چۆنییەتی (quality)، واتە کۆی گشتی گۆڕانکاریی ڕیشەیی یان پێشخستنی پێکهاتە و فراوانکردنی لەخۆ دەگرێت. وەك پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هتد.

## نووسینی "و" له كوردی دا بۆ پێكەوە بەستنی چەند ناو یان شوێنێك

له كوردی دا دەنووسرێت: هەولێر و سلێمانی، بەڵام به هەولێرو سلێمانی دەخوێندرێتەوە. له عەرەبی دا ئەو پیتە بە سلێمانییەوە دەچەسپێت و بە (اربيل والسليمانية) دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە. له كوردی دا، پێویستە پیتی "و" بە وشەی دوای خۆیەوە نەلكێندرێت و بەجیا بنووسرێت. ستراتیژیەت بە چاولێكەری لە عەرەبی وەگیراوە، بە كوردی دەبێت بنووسرێت: ستراتیژی.

وشەی "كوردی" بە شێوازی عەرەبی كۆناكرێتەوە و لە زمانی كوردی دا نابێتە "ئەكراد"، بەڵكو بە "كورد" دەنووسرێت. هەندێك جاریش دەتوانین بە شێوازی "كوردان" و "كوردەكان" كۆ بكەینەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی كە خاكی كوردستان نین و وەك كەمینە لەوێ دەژین، بۆ نموونە: كوردانی تاراوگە، كوردانی خوراسان، كوردانی ئاسیای ناوەڕاست.

**حكوومەتی عێراق، حكوومەتی ناوەندی یان حكوومەتی فیدراڵ؟**

پێویستە لە ڕاگەیاندراوەكان دا، "حكوومەتی فیدراڵ" یان "حكوومەتی فیدراڵی عێراق" بنووسرێت. واتە حكوومەتی فیدراڵی عێراق دروستە، بەڵام ناكرێت بنووسرێت: حكوومەتی عێراقی فیدراڵ، چونكە لێرەدا مەبەستمان حكوومەتە، نەك عێراق.

## ناوی وڵاتان

ناوی زۆربەی وڵاتان لە زمانی كوردی دا، لە زمانی دووەم وەرگیراون، بەتایبەتی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. زمانی عەرەبی بەهۆی ئەوەی كە ئەم پیتانەی "گ چ پ ژ"ی تێدا نییە، گۆڕانكارییان بەسەر ناوی وڵاتاندا هێناوە، بۆ نموونە:

ژاپۆن كراوە بە یابان

چین كراوە بە صين

بەلژیك كراوە بە بلجيك

پێویستە ناوی ئەو وڵاتانە، هەر زمانی خۆیان یان لە زمانی ئینگلیزی وەربگرین، بەڵام ناکرێت هەموویان لە ئینگلیزییەوە وەربگیرێت، بۆ نموونە بەلژیك و هۆڵەندا و گورجستان و ...هتد. ناوی هەندێک وڵاتیش کە پیتی (ژ)ی تێدایە، لە ئینگلیزی دا کراوە بە (ج)، پێوستە ناوی ئەو وڵاتانە لە سەرچاوەکەی وەربگرین. بۆ نموونە: بەلژیك، نابێت لەژێر کاریگەریی ئینگلیزی یان عەرەبی دا بنووسرێت: بەلجیك.

**ناوی هەندێ لەم وڵاتانە بە کوردی بەم شێوەیە:**

ژاپۆن، چین، بەلژیك، گورجستان، نەمسا / ئوستریا، عەرەبستان و ...هتد

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێویستە وەك خۆی(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بنووسرێت و بە وشەی ئەمەریکا کورت نەکرێتەوە. چونکە "ئەمریکا" بە تەنیا گوزارشت لە کیشوەری ئەمەریکا دەکات. ئەمە بۆ "کۆماری ئیسلامیی ئێران"یش دروستە و پێویستە بەکاربهێنرێت.

هەروەها ناوی وڵاتانی ئەڵمانیا و بریتانیا و کوبا و وڵاتانی دیکەی هاوشێوە، دەبێت بە تەواوەتی بنووسرێت. ئەو وڵاتانەی کە بە پیتی (ا) کۆتاییان پێدێت، نابێت لە کاتی نووسینی ڕاگەیاندراودا، بە شێوازی عەرەبی بنووسرێت:

بۆ نموونە:

| راست | هەڵە |
|---|---|
| شاندێکی ئەمریکایی | شاندێکی ئەمریکی |
| شاندێکی بریتانیایی | شاندێکی بریتانی |

سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە شاندێکی ئەمریکایی کرد.

شاندێکی بریتانیایی سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەی کرد.